# ئیسلام و کۆسمۆپۆلیتی

جەلال بەرزنجی

میشێل عەفلەق , شێخی بیری فاشییەتی عەرەبی دەڵێت :–

((ئەوەی موسڵمان بێت عەرەبە و سەر بە کەلتوری عەرەبییە )) هەندێك موسڵمانی ناعەرەب هەن ئەم قسەی عەفلەقیان سەلماندووە لە هەمان کاتیشدا ئەم قسەیەشیان سەلماندووە کەدەڵێ :–(( ئەو موسلمانانەی بەرەگەز عەرەب نین کەسیەتیەکی پەراوێزی ودوودڵییان هەیە وا بەستەییان (ئینتیما) یان بۆ نەتەوەی خۆیان لاوازە )) ئەوەش وادەکات ئەم کەسانە خاوەن کەسیەتیەکی تەماوی بن و لەهەستی نەتەوایەتی دابشۆرێن وببنە کەسانی کۆسمۆپۆلیتی و ئیش لە ناوحزبی ئیسلامی توونڕەو جیهادیدا بکەن کە ئەمرۆ دنیایان هێناوەتە سەر لێوارێکی ترسناك و ئارامیان کەم کردۆتەوە

.سەرکردە توندڕەوە عەرەبە ئیسلامەکان هەوڵ دەدەن مێشکی نەتەوە موسڵمانەکانی تری بە رەگەز نا عەرەب بشۆن و ئەحساسی نەتەوەی ئەسڵیان لا بکوژن و بەکارییان بهێنن ,بەڵام بۆ خۆییان وابیر ناکەنەوەو ناسیۆنالیستیەتی خۆیان لە ژێر پەردەی, ئوسولییەت شاردۆتەوە . لە هەرسێ گوتاری ئەم دواییەی هەرسێ سەرکردەی توندڕە و وئێکستریمی ئیسلامی " بن لادن " و " زەواهیری " و " زەرقاوی " کە لەکەناڵی تەلەفزیونی عەرەبییە بلاو کرانەوە بۆنی بیری ناسیونالیستی عەرەبی دەهات ، هەروەها "حسن نەسرولا " سەرۆکی حزب الله و " ئەحمەد یاسین " سەرۆکی پێشووی (حەماس) و سەرۆکەکانی دوای ئەویش بە حساب سەرکردەی حزبی ئیسلامین ، بەڵام لە وتارەکانیاندا نەك هەر نەتەوویین ، بەڵکو زۆر لەحزبە نەتەوەیەکانی تری عەرەبی نەتەوەی ترن و بگرە زۆر توند رە و رەگەز پەرستیشن . سەرکردەکانی ئەم حزبە ئیسلامیانە لە وتارەکانیان دا کەم بەلای ئیسلام دا دەچن ، زیاتر هەوڵی جۆشدانی روحی نەتەوەیی ، بەرگری ، کاری خۆ کوژیش دەدەن دژ بە ئیسرائیل و دژ بە کریستیانەتی دژ بە رۆژئاوا .

لە سەر هەمان ئامانج حەماسەتی جیهادی سەرۆکی ئێران " ئەحمەدی نەژاد " و داواکەی بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشە ، دژایەتی کردنیشی بۆ رۆژئاوا توندترە بە بەراورد کردن لە گەڵ هەندێك گروپی تری ئیسلامی نا عەرەبی ، بەم پێیەش لە پراکتیکدا تێزەکەی مونەزیری بیری فاشیزمی عەرەب بە زیادەوە جێ بە جێ دەکات .

ئەم هەستە هەر بە تەنیا لای موسڵمانانی توند ڕەو نییە ، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا لای موسڵمانی سادەو غەیرە حیزبی غەیرە سیاسیش هەستی پێ دەکرێت . هەندێك کوردی وا هەن زۆر کەتوونەتە ژێر کارتێکردنی کەلتووری ئیسلام ،چونکە لە ئاستی جیاوازدا بەرژەوەندی وولاتێکی ئیسلام کە لە ئەنجامدا بە بەرژەوەندی ناسیۆنایزمی عەرەب و دەوڵەتەکانیان دەشکێتەوە ، دەخەنە پێش بەرژەوەندو خەونەکانی نەتەوەی کورد !

دیدی کۆسمۆپۆلۆپی له ناو خه‌ڵکانی ئیسلامی نا عه‌ره‌بی به‌رامبه‌ر نه‌ته‌وه‌ی یه‌که‌میان ئه‌نجامێکی زۆر خراپی لێ که‌وتۆته‌وه ، زۆر له‌و وولات و میله‌تانه‌ی عه‌ره‌ب نین وموسڵمانن ، بزوتنه‌وه‌ی توند ره‌وی ئیسلامی تییایندا چالاکه ، خه‌ڵك به‌و ئاقاره‌دا ده‌به‌ن كه ئینتمایان بۆ مه‌زهه‌ب زیاتر بێت له ئینتمایان بۆ ولات و میله‌تی خۆیان ، وه‌ك ئه‌وه‌ی به‌شێك له ئێمه‌ی كورد له سه‌ر ئه‌رزی واقیع هه‌مانه ، بۆ نموونه به‌شێكی به‌رچاو له كورده‌كانی ئێران ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شیعه بوونیان ده‌خه‌نه سه‌ر كورد بوونیان سۆزییان زیاتر به‌لای كۆماری ئیسلامی ئێران دا ده‌چێت . زۆر له كورده‌كانی توركیاش سه‌پۆرتی پارتی عه‌داله‌ت ده‌كه‌ن .له عێراقیش له هه‌ڵبژاردن هه‌ندێك له كورده شیعه‌كان ده‌نگییان بۆ لیستی شیعه‌كان دا !

زۆربه‌ی موسلمانه‌مه‌زهه‌بی و عه‌ره‌به‌كان تێڕامانێكی نه‌گۆڕییان هه‌یه له به‌رامبه‌ر كورد ، ئه‌م تێڕامانه هه‌ڵگری تایبه‌تمه‌ندی و ته‌سك بینی ناسیۆنالیستیه . ساڵی 2002 به رێگای ئێراندا گه‌ڕامه‌وه كورستان له‌كرمه‌نشانه وه كه به‌ره‌و باشووری كوردستان دێیت بۆ سنه‌و مه‌ریوان تا ده‌گه‌یته باشماخ ، بۆنی هه‌ژاری ، ترس ، ژێرده‌ستی ، وات لێ ده‌كات تام له خۆشی یه‌كه‌مین ساتی شاد بوونه‌وه‌ت به كوردستان نه‌بینیت ، كه ڕه‌نگه به‌ر له گه‌ڕانه‌وه له تاراوگه ، ساڵێك یان زیاتر خۆتت بۆی ئاماده كردبێت . به هۆی كوردستانیه‌تی ئه‌م ناوچانه ، سیاسه‌تی مه‌زهه‌بی كۆماری ئیسیلامی و پیڕه‌و كردنی سیاسه‌تی (كۆبۆن) كه شێوازێكی ئه‌حكام عورفیه‌و به غه‌درو ده‌سه‌لاتی ده‌وڵه‌ت ، له كوردستانی به زۆر لكێنراو به ئێران به به‌ربلاوی جێ به جێ ده‌كرێت ، ئه‌م سیاسه‌ته ژیانی كۆمه‌لایه‌تی خه‌ڵكی كوردستانی زۆر سنووردار كردووه ، بۆیه چ میوان بی له‌وێ چ ڕێبوارێكی تێژ ڕه‌وبی به ئاسانی سیمای داگیركردن به‌ربین و هه‌ناسه‌ت لێ ده‌گرێ .

, هاولاتی كورد له ئێران به‌م كوڵه‌مه‌رگییه ده‌ژیت ، له كاتێكدا ساڵانه ئێران سه‌دان ملیۆن دۆلار بۆ پشتیوانی فه‌له‌ستینه‌كان و ڕێكخراوه توند ره‌وه‌كان له دنیادا خه‌رج ده‌كات. له هه‌فته‌ی رابردوو په‌نجا ملیۆن دۆلاری دا به‌حكومه‌تی فه‌له‌ستینی كه حه‌ماس به‌ڕێوه‌ی ده‌بات ,ئه‌م هه‌ڵوێسته توند ره‌وه‌ی ئێران وای كردووه ئێران بباته لێواری هه‌ڵدێرو ئه‌گه‌ری شه‌ڕێكی گه‌وره له گه‌ڵ نیوه‌ی زیاتری دنیا ، دابڕانی زیاتر له كۆمیونه‌تی نێونه‌ته‌وه‌یی . سه‌یریش ئه‌وه‌یه هه‌ندێك له‌م كوردانه‌ی ئه‌وێنده‌ر مێشكیان وا له ناو به‌سته‌ڵه‌كی مه‌زهه‌ب دا به‌ستوویه‌تی هه‌ست به‌م هه‌لانه ناكه‌ن ، ئه‌وانیش وه‌ك ئێرانیه مه‌زهه‌بیه‌كانی تر بیر ده‌كه‌نه‌وه كه‌وتوونه‌ته ژێر كاریگه‌ری هێلی پانی مه‌زهه‌بگه‌ری . به گشتی خه‌ڵكانی تری ئێرانیش له چاو ئه‌و ده‌وڵه‌مه‌ندییه‌و به خێرو به‌ره‌كه‌تییه‌ی ئێران له ره‌وشێكی وا ناژیین ئیره‌ییان پێ ببرێت ، رێژه‌ی هه‌ژاری و بێكاری یه‌كجار زۆره ، ئێستاش رێژه‌ی ئه‌و (ماتۆڕانه‌ی) بۆ كاری (ته‌كسی) ئیشیان پێده‌كرێت له تاران له رێژه‌ی ماشێنی ته‌كسی زۆرترن ، بینینی ئه‌و هه‌موو( ماتۆره ته‌كسییه )له تاران لای من دیمه‌نێكی زۆر سریالی ونامۆ بوو ،قه‌ت چاوه‌ڕێ ی ئه‌مه‌م له ولاتێكی ده‌وڵه‌مه‌ندی وه‌ك ئێران نه‌ده‌كرد .

له‌م خوێندنه‌وه‌یه‌ش ده‌گه‌یته ئه‌و ئه‌نجامه‌ی كه‌وا له سایه‌ی كۆمارێكی ئیسلامی كه رابه‌ره‌كانی به‌ڵێنیان ده‌دا " نابێ چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌واییه‌تی ، ناداد په‌روه‌ری كۆمه‌لاییه‌تی بمێنێ " به‌ڵێنی به‌تاڵن و هه‌موو ئه‌م جۆره له سته‌م نه‌ك هه‌ر ماوه‌و به‌ڵكو له جاران زیاتری كردووه ، هه‌ڵبژاردنی ئه‌م مه‌زهه‌به له ناو

ئیسلام بۆ دروست بوونی دەوڵەتی ئێران یارمەتی دەر بوو وەك چۆن ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان بە سوود وەرگرتن لە ئیسلام خزمەتی دروست بوونی تورکیای کرد .کوردیش لە نێو ئەم یاریەدا بە ئاسانی بەکاریان دەهێنا. هەڵبەتە لۆژیکی ئەم تەرخان کردنەی دین بە بەرژەوندی هێزە تاریك و دەسەڵات خوازە شۆڤینیستەکان رێکەوت نییەو بە بەرنامەیە ، هەستیان بەوە کردووە ئیسلام هەییەو هەولییان داوە بەکاری بێنن وزانیوییانە ئەو هێزە روحییەی ئایین و مەزهەبی لای مرۆڤ دروستی دەکات ، لە هێزەکانی تر درێژ خایەن ترو گەرمترە بۆ دروست کردنی یەکێتی و ناسنامەیەکی روحی. ئێران و تورکیا لە پێرەو کردنی ئەم سیاسەتە سەر کەوتوو بوون.ئیستاش دوای ئەوهەولانەی " مستەفا کەماڵ ئەتاتورك " دای بۆ بە علمانی کردنی تورکیا کەچی جارێکی تر حزبێکی ئیسلامی بە زۆرینەی دەنگ هاتەوە سەر کورسی دەسەڵات و حزبە علمانیەکانیش لە تورکیا مانگییان لە ئاوابوونە .ئێستا سەرەتای ململانی لە نێوان پارتی عەدالەتی حاکم وسەرۆك کۆماری تورکیا لە سەر دانانی پیاوی ئایینی لە پۆستی گرنگی حکوومەت دەستی پێ کردووەو هەفتەی رابردوو مانشێتی رۆژنامەکانی تورکیا بوو.

لە ئیرانیش دوای حوکمی شاهەنشاهی ساڵەهای ساڵەو هەوڵدانی شا بۆ کردنی ئێران بە وڵاتێك لە سەر ستاییلی وڵاتانی رۆژ ئاوا, ئیسلامییە مەزهەبییەکان بە فەتواییەکی خومەینی رژانە شەقامەکان و حوکمی شاهەنشاهیان لە رەگەوە هەڵتەکاندو هاتنە سەر حوکم و وڵاتێکی مەزهەبیان دامەزراند .ئەو پەیمانانەی پێش روخانی شا بە کوردو نەتەوە ژێردەستەکانی تری ئێرانیان درابوو هیچییان جێبەجێ نەکرد .

لەسەرەتای هاتنیان بۆ سەر حوکم بە فرمانی ئایەتولا خومەینی شەرێکی زۆر شۆڤینیانەیان دژی کورد دەست پێ کرد ، ئاغای " خەلخالی " بێ دادگایی کردن خەڵکی کوردی لە سەر خیابانەکان لە سێدارە دەدا کوشتارێکی زۆرییان کرد. ئەوە بووە بیست و حەوت ساڵێشە لە سەر حوکمن وکێشەی کورد هەر وەك خۆی ماوەتەوە ، لەتورکیاش رەوشی کوردی دیارە چۆنە.!,لە بەرئەوەی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران وەك وڵاتەکانی تری رۆژ هەڵاتی ناوەراست نەگەیشتوونەتە جێگیر بوونی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی نەتەواییەتی و ئاینی وپێشێل کردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادی تاکییان تییادا ماوە زوو بێ یا درەنگ ئەگەری گۆرانی ژیانی سیاسییان تێدا هەییە .لە کوردستانی بە ناحەق و بۆبەرژەوەندی زلهێزەکانی دنیالکێنراوبە عێراقی دوێنێ و ئەمرۆ ,ئیسلامەتی گرفتی نەبووە هەتا ئەم ساڵانەی دوایش خەڵکی کورد زۆر ئاگاداری کێشەی ئیسلامی سونەو شیعە نەبوون ورد کردنەوەی ئیسلام بۆ مەزهەب لە کوردستان بەم جۆرە نەبوو ، ئیستاش زۆر لە موسڵمانی کورد زۆر بەلایانەوە گرنگ نییە بزانی شافعین یان حەنەفین و ئەوەندە دەزانن کەموسڵمانن .لە کوردستان لەنێوان مزگەوتێك ومزگەوتێك مزگەوتێك هەییە مزگەوتەکان لەکوردستان لە قوتابخانەکان زۆرترن وکوردستان لە شوێنانەیە کە باڵا دەستی ئیسلامی تیاماوە .

لەکاتی ئاوەدان کردنەوەی هەندێك لەو گوندانەی ئەنفالچی و وەحشیەکان و خاوەنانی ئیسلام زائیدەن ئەو کوردانەی کە بە ئامار( سەدوو بیست فەوجی خەفیفە ) بەشدار بوون کە ئەمرۆ زۆریان لێپسراوی

گەورەن و هەندێکییان دەرماڵەی پیاوە ماقوڵانەشیان هەییە بە قورئانەوە سووتاندیانن و کورد پێش قوتابخانەو خانووەکانی خۆیان دروستیان دەکەنەوە . ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەوەندە دیاردەی ڕێزگرتن لە ئیسلامەتی دیارە لە هەندێك شاری کوردستان هەر دەڵێی حزبی ئیسلامی حوکمیان دەکەن .

ئەم ساڵ لە وەرزی چوونە (حەج) لە کوردستان بووم ، دیار بوو ئەوەندە خەڵك ناوی خۆیان نووسیبوو بوو بووە خۆت وبەختت و زائیدەن واستەی( لێپسراوێکی زۆر گەورە) خەڵکی کوردستان زۆرینەی زۆریان موسڵمانن و زۆریش بە پەرۆشن بۆی وبێ بوونی حزبی ئیسلامی سیاسی بۆ خۆیان بە ئارامی ساڵەهای ساڵە موسڵمانەتی خۆیان دەکەن سەدان ساڵە دەنگی بانگ دانی مەلای بەیانیان خەڵکی نوێژ کەرو نوێژ نەکەر لە خەو هەڵدەستێنێ ، خەڵك بە ئاشتی نوێژی خۆیان دەکەن و ئەوەی نوێژیش ناکات گلەیی نییە لە وەی دەنگی مەلا بانگ دان لە خەوی شیرین هەڵدەستێنێ . ئەوە مانای ڕێز گرتن و بیزار نەبوونە لە ئیسلام خەڵك لە لادێکان بە زستانان لە ئاوی بەستووی کانی خۆیان دەشۆن (بسمیل) دەکەن ئەو خەونە خۆشەی شەو لە ژێر لیفە بینیویانە لەناو ئەو ئاوە ساردە لە لووتیان دێتەوە و,دڵیشیان خۆشەلە بەر ئەوەی هەست دەکەن لە گوناهێکی گەورە پاك بوونەتەوە !!

ژیانی فرە حزبی و فرە کەلتووری بۆتە بناغەی بینا کردنی وڵاتی دیموکرات و فیدڕاڵ ئەگەر هەموو حزبەکان بۆ ئەم ژیانە ئیش بکەن تێکەڵ بوونی کەلتورەکانیش بۆ دەوڵەمەند کردنی کەلتووری مرڤایەتی و جوانکردنی بێت , نەك بۆ سڕینەوەی کەلتوورەکانی ترو بە پیرۆز زانینی یەکێك . بوونی هەندێ حزبی ئیسلامی لە کوردستان کارکردنیان لەم ڕێگاییە پێ حەرام و بەکۆپی کردنەوەی ڕۆژئاوای دەزانن زیاتر ئیش لە ناو ئیسلام دەکەن وەك حزبی سیاسی لە کاتێدا وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ڕێز گرتن لە ئیسلام لای خەڵك زۆرەو وە هەر وەها لە لای حیزبە علمانیە شەرمنەکانی کوردستانیش گەلێك زۆرەو هیچی وا بۆ حیزبە ئیسلامیەکان نەماوەتەوە ئیشی لە سەر بکەن , بەڵام ئەگەر مەسەلەی گرتنە دەستی دەسەلات وخۆسەپاندن بێت بۆ کەلەکە کردنی سامان , یان دورست کردنی کۆمارێکی ئیسلامی وەك ئەوەی ئیران و میشکی جەعفەری یان یان ئەو تاریکستانەی ئوسامەو مەلاعومەر لە ئەفغانستان دایان مەزراندبوو شتێکی ترە , لەو وڵاتانەی دیموکراسییەت وژیانی پەڕلەمانی و پایەکانی کۆمەڵگای سیڤیل بە باشی و تەندروستی دانەمەزراوەو نەبۆتە کەلتووری سیایی, ئازادی تاك دابین نەکراوەو دیاردەی گەندەڵی و روخانی ئابووری روحی تەشەنەی کردووە , ئەگەری ئەوە هەییە گۆڕان کاری روو بدات , ئەگەری ئەوەش هەیە حزبی ئیسلامی سیاسی بەرێگەی خۆی سوود لەم هەلانە وەربگرێت بۆ هاتنە سەر حوکم .